ئیلهام ئەحمەد: پێویستە دواڕۆژی سوریا لە چوارچێوەی دەستورێك بنیاد بنرێت

ئیلهام ئەحمەد هاوسەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا رایگەیاند، پێویستە دواڕۆژی سوریا لە چوارچێوەی دەستورێك بنیاد بنرێت کە پێکهاتەکانی بە یەکسانی و دادپەروەریی پێکەوە بژین".

ئیلهام ئەحمەد لەمیانەی بەشداریکردنی لە کۆبونەوەی گەل لە شاری مارسیلیای فەرەنسا باسی لە دەستکەوتەکانی شۆشی ڕۆژاڤا و یەکێتی نەتەوەیی کورد و وتی، "بۆچونی جیاواز دەوڵەمەندییە، بەهیواین لە نێوان هەمو پارتە کوردییەکان ڕوحی خوشك و برایەتیی دروستبکرێت".

ئیلهام ئەحمەد وتیشی، "لە دژی پڕۆژەی پارچە پارچەکردنی سوریاین و پەیوەستین بە ڕێکەوتنی 10ی (ئازار)ی ئەمساڵ، پێویستە دواڕۆژی سوریا لە چوارچێوەی دەستورێك کە

پکهاتەکان بە یەکسانی و دادپەروەری پکەوە بژین بنیاد بنرت".

لە کبونەوەکەدا باس لە پرسەی نوان تورکیا و پەکەکە و گانکاریەکانی ناوچەکە، ئیلهام ئەحمەد باسی لەوەکرد، "هەرچەندە تورکیا جار جار هەوستیی ئەرنیی نیشاندەدات، بەام ئپراسینە سەربازیەکان ئارامیی تکدەدەن و ئاسایشی هاواتیان دەخەنە مەترسیەوە".

ئیلهام ئەحمەد وتیشی، "ئەوەی کە ئمە بە پەکەکەوە دەبەستنەوە بە تەواوی هەلەیە، پەکەکە لە باکور و ژهەاتی سوریا چالاکیی ئەنجام نادات".